کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان : ڕەنگە لە هەفتەی داهاتوو ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن ڕابگەیەنرێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دووپاتی کردەوە کە ڕەنگە لە هەفتەی داهاتوو ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن ڕابگەیەنرێت، لەکاتی دیاریکردنی وادەی کۆتایی هاتنی تەواوەتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، کۆمیسیۆن میکانیزمی حیسابکردنی کورسییەکانی بەپێی شێوازی سانت لیگۆ ڕوونکردەوە.

جومانە غەلای، وتەبێژی کۆمسیۆن لە لێدوانێکدا کە موتەڵەع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: کۆمسیۆن سەرقاڵی پرۆسەکردنی ئەنجامەکانی ئەو بنکانەی دەنگدانن کە تا ئێستا پێشکەشیان نەکردووە، ئەم ئەنجامانە دەخرێنە ناو سێنتەری خشتەی دەنگدانەوە، دەنگەکانی ئەو وێستگانەش هەژمار دەکرێن وەك ئامادەکارییەك بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان، ئاماژەی بەوەشکردووە ئەم پرۆسەیە هاوکات لەگەڵ چارەسەرکردنی سکاڵاکان ئەنجام دەدرێت.

ئاماژەی بەوەشکردووە : ئەنجامی کۆتایی دوای یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکان ڕادەگەیەنرێت، لەوانەیە لە ماوەی هەفتەی داهاتوودا، ئاماژەی بەوەشکرد ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بڕیارەکە لەلایەن دەستەی کۆمیسارییاوە دراوە.

ئەو ڕوونی کردەوە : کە هەموو بڕیارەکانی دەستەی کۆمیسیاران لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە دوای

بڵاوکردنەوەی لە ماڵپەڕی فەرمیدا، تانەیان لێدەدرێت و ئاماژەی بەوەشکردووە کاتێك پرۆسەی تانەدانەکان کۆتایی هات کە حەوت ڕۆژی کارکردنی بە کۆمسیۆن و دە ڕۆژی دەوێت بە دەسەڵاتی دادوەری دەگەینێ کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، ئەو ڕوونیکردەوە کە هەموو دەنگەکان دەخرێنە ناو بەرنامەیەکی تایبەتەوە کە شێوازی سانت لیگۆ بۆ تەرخانکردنی کورسییەکان حیساب دەکات، کۆمیسیۆنەکەش ژمارەی کورسییەکان ڕادەگەیەنێت.

سەبارەت بە میکانیزمی حیسابکردنی کورسییەکان بەپێی شێوازی سانت لیگۆ، غەلای پشتڕاستی کردەوە : کە ژمارەی کورسییەکان بە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی تایبەت حیسابی بۆ دەکرێت کە دەنگی کاندیدەکان دەخاتە ناوەوە، دواتر ئەم بەرنامەیە کورسییەکانی هەر پارێزگایەك بە وردبینییەکی زۆر دابەش دەکات.